

# ناسر قازیزاده (هونەرمەندی شێوەکار): لەنێو سیستمێکی دواکەوتوودا، هونەر هیچ بەهایەکی نییە.

دیدار: حەمە هاشم

هونەرمەند (ناسر قازیزادە)، یەکێکە لەو هونەرمەندە شێوەکارانەی لە بواری هونەری نیگارکێشاندا ئەزموونێکی زۆر و دووروردرێژی هەیە، لایەنی تیۆری و ئایدیاییشی لە پانتایی دنیای هونەر بەگشتی و ڕەوتە تازەکانی هونەری ئەوروپایی بە تایبەتی کەم وێنەیە، ماوەیەکی زۆرە لە پاریس دەژێت و لە زانکۆی سۆربۆن خوێندوویەتی، ژیانی خۆی بۆ بواری هونەر تەرخان کردووە، تەمەنێکی زۆری لەو بوارەدا بەسەربردووە، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە ڕەوتی هونەری و ئەزموونەکانی ئەم هونەرمەندە و ژیان و بەرهەمەکانی، لە شاری پاریس و لە ئەتێلا تایبەتییەکەی خۆی، ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵی کرد، تا زۆرتر سوود لە زانیاری و ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی وەربگرین.

* سەرەتا وەک پێناسەیەک دەمەوێت لە ژیانی خۆتەوە دەست پێ بکەین، بەپێی ئەوەی ئەزموونتان زۆرە و ماوەیەکی زۆرە لە بوارەکەدان، بەڵام کەم تا زۆر جۆرێک لە ون بوونتان هەیە، یان دەتوانین بڵێین دوورەپەرێزی لە میدیای کوردی، ئەمەش وای کردووە وەچەی نوێی کوردستان لە نزیکەوە بەو ئەزموونەی ئێوە ئاشنا نەبن، بۆیە من بە پێویستی دەزانم لە ڕێچکە سەرەتاییەکانی ژیانی خۆت بدوێیت، لە کوێوە هاتوویت و بۆ کوێت دەڕۆی؟ تۆ کێیت و یەکەم دەرکەوتنی تۆ لە کوێ بووە و کاریگەریی کێت لەسەر بووە، تا کاروانی

ئەو ئەزموونەت بەمرۆکە بگەیەنێت؟ قۆناغەکانی ژیان و هونەرەکەت کامانەن و لەکوێوە دەست پێدەکەن؟

– سەرەتا سوپاس بۆ ئەو دیدارەتان، خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ ٢٠٢٥/١/١، لە ئەتێلاکەی من لە پاریس لەگەڵ ئێوە گفتوگۆ دەکەم، هەر ئەمڕۆ من تەمەنم دەبێتە ٧٩ ساڵی تەواو، خۆشحاڵم بە جۆرێک گفتوگۆ لەگەڵ ئێوە تا ئەو شوێنەی بتوانین جێگەی تایبەتی هونەری شێوەکاری و چەمک و ماناکانی بدۆزینەوە و قسەیان لەسەر بکەین.

من لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری سەقز هاتوومەتە دنیاوە، بابم سەردەشتی بووە و دایکم سەقزی، دوایی بەهۆی ئەوەی بابم مامۆستا و خۆی خەڵکی سەردەشت بوو،ماڵمان چووەتە سەردەشت و هەر لەوێ گەورە بووم، تا پۆلی سێی ناوەندیم لەوێ خوێندووە، دوایی چووینەتە سابڵاغ، لە سابڵاغ دیپلۆمم وەرگرتووە.

بێگومان هەر لە منداڵییەوە خولیای ئەو کارەم لە مێشکدا چەسپا، ئەم هونەرەی کە پێی دەڵێن شێوەکاری، یان وێنەکیشی، یان هەندێک جار من ئەو چەمکانە بە تەسک دەبینم بۆ بەرگی ئەم هونەرە و پێم وایە ئەم چەمکانە وەڵامی تەواوی ماناکانی ئەم هونەرە نادەنەوە، بە هەرحاڵ.. هەر لەمنداڵییەوە نیگارکێشیم دەکرد و زۆرم پێ خۆشبوو، دوایی کە هاتینە سابڵاغیش بەردەوام بووم، پاشان بیرم لەوە کردەوە کە بۆ ئەوەی باشتر فێرببم و زانیاری زۆرتر وەربگرم، دەبێ بچم بۆ زانکۆی (تاران)، ئەو کاتە تەمەنم هەژدە ساڵ بوو چووم بۆ زانکۆکەی تاران.

* ئەو کاتە لە کوردستان هیچ زانکۆیەکی تایبەت بە هونەر نەبوو؟



**ناسر قازیزادە – حەمە هاشم**

– نەک زانکۆی تایبەت بە هونەر، لە ناوچە کوردنشینەکان، زانکۆی دیکەشی لێ نەبوو، بۆیە ناچار دەبوایە بچین بۆ تاران، بۆ نموونە شاری سەردەشت ئەو کاتە تا پۆلی سێیەمی ناوەندی لێ بوو، هەر بۆیەش تا من دانەبڕێم چووینە سابڵاغ، جا ئەوەی جێی تێبینییە خوێندنی هونەر نەک هەر لە ناوچە کوردییەکاندا نەبوو، بەڵکوو لەو سەردەمانەدا لە تەواوی دەوڵەتەکەشدا هونەر جێگەیەکی بەرزی نەبوو.

* پێش چوونت بۆ تاران، لە کوێ وێنەت دەکێشا و چی سەرنجی ڕادەکێشایت، تا لەو هونەرە نزیکتر بیتەوە؟ ئایا مامۆستایەکی تایبەت هەبوو بۆ بەردەوام بوون هانت بدات؟، یان بە جۆرێکی دیکە ئەو ژینگەیەی تۆی تێدا دەژیایت لە قوتابخانە، یان ناو خانەوادەکەتان کەسێکی دیکە هەبوو وێنە بکێشێت تا لێیەوە فێرببیت، یان سەرنجت ڕابکێشێت؟

– ئەوەی من بیرم بێت کەسێکی زۆر تایبەت نەبوو، بەڵام باوکم لە قوتابخانەدا مامۆستا بوو، ئەو کاتە زۆر منداڵ بووم لەگەڵی دەچووم بۆ قوتابخانەکەی، لە قوتابخانەکە دەمبینی وێنەی

گەورە گەورە بەدیوارەکانەوە بوون، وێنەی شێر و پڵنگ و ئاژەڵی جۆراوجۆر بوون، بەلامەوە زۆر جوان بوون، قوتابخانەکە شاری سەردەشت ناوی (قوتابخانەی مەنوچەهری) بوو.

بێجگە لەوەش ئێمە بنەماڵەیەکی گەورە بووین، بنەماڵەی (قازی)یان پێ دەگوتین، بەناوبانگ بووین، حەسارێکی گەورەمان هەبوو، پێم وابێت (١٠-١٥) بنەماڵە پێکەوە لەو حەسارەدا دەژیاین، هەر ماڵەی هۆدە و هەیوانێکی لەسەر حەسارەکە وەک حەوشەیەکی گەورە هەبوو، لەو حەسارەدا مەشکەیان دەژەند، چێشتیان لێ دەنا، ئاژەڵیان ئاو دەدا، مەڕیان دەدۆشی، لەو ناوە هەرابوو، ئەوانە تایەفەی (قازییان) پێ دەگوتین.

لە ماڵی قازی (کە قازی سەردەشت) بوو، کتێبێکیان هەبوو بە ناوی (شانامە)، کتێبەکە شیعر و ئەدەبیات بوو، بەڵام لەناو کتێبەکەدا وێنەی زۆری تێدابوو، کە بەدەست کێشرابوون، وێنەی (ڕۆستەم، سوهراب، ئەسفەندان، درەخت و شەراب و کچ و زۆر وێنەی دیکە)، ئەوانە زۆر سەرنجی منیان ڕاکێشابوو، منیش دەهاتم لە فیگوری ئەوانە، واتە دووبارە لاساییم دەکردنەوە و وێنەکانم دەکێشانەوە، ئەمن عاشقی ئەو کتێبە بووبووم، هەموو جار دەچوومە ماڵی قازی و داوام دەکرد، ئەوانیش پێیان دەدام، هێندە چووم و هێندە داوام کردو هێنام و بردم، لە دواییدا گوتیان کتێبەکە بۆ خۆت، ئێمە نامانەوێتەوە، مادام تۆ سوودی لێ دەبینی با بۆ تۆ بێت، چونکە ماڵی (قازی) خزمی نزیکیشمان بوون زۆر بەلایانەوە قورس نەبوو کە کتێبەکەیان پێ دام.

ئیدی ئەو کتێبە بوو بە یەکەمین مامۆستای من بۆ لاساییکردنەوەی وێنەکێشان، هەروەک گوتم وێنەی سەر دیواری قوتابخانەکەشم بینیبوو، بەڵام ئەوان فۆتۆ بوون، هەرچی وێنەی ناو کتێبەکە بوو ئیلهام بەخشتر بوو، چونکە بەدەست وێنەکێشرابوو، شەوان تا بەرەبەیان ئەمن دادەنیشتم، لەسەر کتێبەکە وێنەکانم دەکیشایەوە، وێنەکانم بە قەڵەم دەکێشا، چونکە ئەو کاتە ڕەنگم نەبوو، دوایی دوو سێ ڕەنگم پەیداکرد، ئەوانیش زۆر کەم بوون تەنیا ڕەنگی (شین و سوور و زەردی تێدابوو)، ڕەنگەکانیش هەر قەڵەمی دارین بوون.

لە دوای ئەوە لە هەر شوێنێک کتێبێکم بدیتبا، ناوەڕۆکی کتێبەکە بۆ من گرنگ نەبوو، زۆرتر ڕووی بەرگەکەی گرنگ بوو ئەگەر وێنەی لەسەر کێشرابوایە، زۆر کتێبم لەبەر خاتری وێنەی بەرگەکەی دەکڕی، چونکە ئەو کات ڕووی بەرگی کتێبەکان زۆرتر نیگارکێشەکان دروستیان دەکردن، وەک ئێستا دیزاینی دیجیتاڵی نەبوون، جا ئەمنیش دووبارە هەڵدەستام لاسایی وێنەی ڕووی بەرگەکانم دەکردەوە.

*** ئەو کاتەی تۆ باسی دەکەی کەس هەبوو لە سەردەشت وێنە بکێشێت و تۆ بیناسیت؟**

- بەڵێ، کابرایەک هەبوو ناوی (مام کەریم) بوو، ئەو مام کەریمە خویندەواریشی نەبوو، (پاکەوان)، یان بڵێین کرێکاری شارەوانی بوو، شەقامەکانی خاوێن دەکردەوە، مام کەریم دووکانێکی هەبوو، بەلامەوە زۆر سەرنجڕاکێش بوو، لە دووکانەکەی خۆیدا خەریکی وێنەکێشان بوو، ئەویش هەر وێنەی (ڕۆستەم و سوهراب و ئەسپسوار، پاڵەوانی ناو چیرۆکەکانی دەکێشایەوە)، بەڵام ئەو بە ڕەنگ وێنەی دەکێشا، ئەمنیش منداڵ بووم، لە دوورەوە سەیرم دەکرد و سەرنجم دەدا دەست و پەنجە و جۆری ڕەنگکردنەکەی، دواتر مام کەریم شتێکی دیکەی هەبوو، بە (ناوەڕۆکی بەهێز)

وێنەکانی دەکێشا، واتە واتای پێ دەبەخشین و دەربڕینەکانی بۆ زیاد دەکردن، ئەوە بۆ من زۆر جێگەی سەرنج بوو، چونکە تا ئێستاش لە بیرم نەچووەتەوە، بێگومان ئەوە مانای ئەوەیە کە کاریگەری لەسەرم بەجێ هیشتووە.

* ئەگەر بیرت بێت، ئەو مام کەریمە بە ڕەنگی ڕۆنی وێنەی دەکێشا، یان ڕەنگی ئاوی، یان ڕەنگەکانی چی بوون؟

- نا .. نا ئەو کاتە ڕەنگی ڕۆنی هەر نەبوو، جۆرە ڕەنگێک بوو پێیان دەگوت ڕەنگی (جەوهەر)، خۆی دروستی دەکردن، لەو ڕەنگانە سوودی وەردەگرت کە لە تەونی (مافوور و فەرش) بەکار دەهاتن، نازانم مام کەریم لە کوێی دێنا، لەکێ فێربووبوو؟، هەرچەندە ئەمن قەت بەو ڕەنگانە کارم نەکردووە.

شتێکی دیکەشم بیرهاتەوە، کە من لەو تەمەنە وا سەرنجم چووبووە سەر وێنەکێشان، بابم بۆی دەگێڕامەوە کە گەرماوی کۆنی سەردەشت هەبوو، لەژێر ئەرزدا بوو، دیوارەکانی ئەو گەرماوە هەمووی بە وێنە و زەخرەفە بە ڕەنگ ڕازابوونەوە، وام لێ هاتبوو من عاشقی ئەو حەمامە بووم کە تەنیا لە گێڕانەوەی بابمدا گوێم لێ دەبوو، دەیگوت: وێنەکان زۆر سەرنجڕاکێش بوون، ڕۆستەم بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە شیرێکی بەرزکردبووەوە و لەو لاوە سوهرابی کوشتبوو، ئەسپەکان تێکەڵ بووبوون، هەندێک دەگریان، هەندێک سیمای سەرکەوتن بە ڕوویانەوە دیاربوو، وام لێ هاتبوو شەوان خەونم بەو وێنانەوە دەبینی، بەڵام بەداخەوە لە سەردەمی من نەمابوون، حەمامەکەیان سپیکارکردبوو، وێنەکان نەمابوون، کێ ئەو وێنانەی لە گەرماوەکەی سەردەشت کێشابوو؟ ئەو زانیارییەم هەر بۆ پەیدا نەبوو، بەڕاستی



ئارەزووم بوو ئەوەم دیبایە، بەڵام من زۆر سوودم لە گێڕانەوەکەی بابم وەردەگرت و دووبارە بە خەیاڵ وێنەکانم دەکێشایەوە.

شتێکی دیکەش هەر لەو حەسارەی تێیدا دەژیاین، ماڵی (قازی) ئەسپیان هەبوو، ئەو ئەسپانەش زۆر سەرنجی منیان ڕادەکێشا، هەر ئەوەش وای کرد لە کارەکانی مندا ئەسپ ببێتە سمبۆلێکی بەهێز، کە ئێستاش ئەگەر چاو لە کارەکانم بکەی، ئەسپ لە ناو تابلۆکانمدا زۆرترین پانتایی داگیرکردووە، وەک شتێکی ئەو کاتە لە کوردستان ئەسپ شتێکی تایبەت بوو، یان مامی من بەرپرسی ناونووسینی خەڵک بوو، ئەویش ئەسپی هەبوو، زۆرجار خۆی و ئەسپەکەیم وەک مۆدێل بەکار دەهێنا.

* ساڵی چەند بوو وێنەی ڕەنگاورەنگت دروست کرد، یان بڵێین کەرەستەی وێنەکێشانت کڕی و ئیدی بەڕەنگ کارت دەکرد؟

- ئەو کاتە هەر لە سەردەشت بووین، تەمەنم (١٠- ١٢) ساڵ بوو، ڕەنگی ئاوی پەیدابوو، لە هەندێک دووکانەکان دەفرۆشرا، ڕەنگەکانیش بە تەنێ چوار پێنج ڕەنگ بوون، منیش ئەوەم کڕی و لەو کاتانەوە بە ڕەنگی ئاوی دەستم بە وێنەکێشان کرد، تابلۆی جوان جوانم دەکێشا و دەمبردن بۆ قوتابخانە، مامۆستایەکمان هەبوو

ناوی مامۆستا (مستەفای نەقیب) بوو، زۆر هانی دەدام و وێنەکانی منی لە دیواری قوتابخانە هەڵدەواسی، من بەو کارە زۆر دڵخۆش دەبووم، قەت ئەوەم لە بیر ناچێت، هەڵبەت چەند قوتابییەکی دیکەش هەبوون نیگارەکانیان جوان بوون، هی ئەوانیشی لە دیوار هەڵدەواسی، ئەوەش بۆ من جۆرە هاندانێکی کاریگەر بوو، ئەوە هەر لەو قوتابخانەیە بوو کە ناوی (مەنوچەهری) بوو، من بە منداڵیش لەگەڵ بابم دەچووم بۆ ئەوێ.

* کاتێک لە سەردەشت دپلۆمت وەرگرت و چووی بۆ خوێندن لە تاران، بێگومان تاران دەروازەی دیکەت بۆ دەکاتەوە، شتی گرنگتر دەبینیت، لەوێ چی ڕووی دا، تاران شارێکی گەورە و گەنجێکی کورد لەو دوورەوە ڕووبەڕووی دنیایەکی دیکە دەبێتەوە، کە ڕەنگە لەوەوپێش نەیبینیبێت، هونەری نوێ و ڕێباز و بزووتنەوە نوێیەکانی دنیای شێوەکاری و کتێب و ڕەنگی نوێ و زانیاری گرنگ و مێژوو و زۆر شتی تر، تۆ چۆن لەو قۆناغەدا ڕووبەڕووی ئەو بارودۆخە نوێیەی ژیان بوویتەوە؟

– پێشتر بۆ ئەوەی بەشی دووەمی دیپلۆمەکەم وەرگرم، دەبوایە بچمە سابلاغ، چونکە دەورەی دووەمی دیپلۆم لە سەردەشت نەبوو، لەوێ کابرایەک هەبوو ناوی (لەتیفی نەخشینی) بوو، لەسەر دیوار وێنەی دەکێشا، بۆیاخیشی دەکرد، دووکانی هەبوو، من بۆ لای ئەو دەچووم، یەکەم جاربوو لەلای ئەو ڕەنگی (ڕۆنی)م بینی، پیاوێکی نیشتمانپەروەری کوردی ڕەسەن بوو، زۆر کوردبوو، من لەلای ئەو نەک هەر فێری ڕەنگسازی، بەڵکوو فێری کوردایەتیشی کردم، کە ڕەنگی ڕۆنیم لەوێ دیت و بۆنەکەم بۆ هات و هەڵممژی، پێم وایە تا ئێستا هیچ عەترێکم لەوەی خۆشتر نەدیوە، زۆرم پێخۆش بوو، کە دیپلۆمەکەم لەوێ تەواوکرد، ئەوجا ویستم بڕۆم بۆ تاران، خەڵک بۆ زانکۆی تاران، بۆ خوێندنی ئەندازیاری و پزیشکی و زانستی دەچوون، منیش لە بیرکردنەوەمدا بوو بچم شتێکی ئاوا بخوێنم، بەڵام بیریشم دەکردەوە ئەگەر ئەو بەشانە بخوێنم، ئەو کاتە ناتوانم وێنە بکێشم!، بۆیە دڵم تەپە تەپێکی لێ دەهات، تەماشام کرد لە نێو دڵمدا شتێک هەیە بەرەو هونەر ڕامدەکێشێت، بۆیە دڵم دەیگوت ئەوە بۆ تۆ باشە، ئەوەت پێخۆشە، دەبی ئەوە بکەیت.

منیش بە بابم گوت من دەمەوێ بچمە کۆلێژی هونەر، باوکیشم چونکە مامۆستابوو و تێدەگەیشت، یەکسەر گوتی هەرچیت پێخۆشە ئەوە بکە، بۆیە قەت بیرم ناچێتەوە کە بابم زۆر یارمەتی دام بچمە بەشی هونەر لە زانکۆی تاران، زۆر شت لە زانکۆی تاران فێربووم، پێم وابوو ئەگەر نەچووبامە زانکۆی تاران، تەنیا دەبوومە کۆپیکارێک و تەواو، بەڵام زانکۆی تاران دەرگەیەکی زۆر گەورەی بە ڕووی مندا کردەوە کە تەواوی بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانی بۆ ژیان و بۆ هونەر گۆڕیم، لەوێ مامۆستایەکمان هەبوو ناوی (هۆشەنگی سەیهوون) بوو، لە ئەورووپا خوێندبووی، دەستی لە دامەزراندنی بناغەی زانکۆی تاراندا هەبوو، ئەو مامۆستایە یەکجار کاریگەری هەبوو لە ژیان و هونەری مندا جیاوازە.

ئەو بەیانیان کە دەهاتە زانکۆ پێش هەرشتێک دەهاتە ئەتێلاکانی ئێمە و دەیویست بزانێت کە ئێمە چیمان کردووە و لە کام ئاستدا ماوین، تێبینی زۆر وردی دەدایێ، نزیکەی چوار ساڵ و نیو من لە زانکۆی تاران بووم، لەوێ ئەوەم

زانی کە هونەری کۆپیکردن و لاساییکردنەوە چەندە لە هونەری خوڵقاندن جیاوازە، داهێنان چییە و هونەرمەند کێیە؟ دەسکەوتنی وەڵامی ئەو پرسیارانە ژیان و هونەری منی بردە قۆناغێکی زۆر لە پێش.

هەر لە تاران کوردایەتی و هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری من سەری هەڵدابوو، هونەرەکەشم زۆر بەرەو پێش چووبوو، لەو هونەرمەندە گەورانەی وانەیان پێ دەوتین، بێجگە لە (هۆشەنگی سەیهوون) مامۆستا و هونەرمەند (ئایدین ئارداشلۆ) بوو کە فارس بوو، بەڵام لە بنەچەدا ڕووس بوو، هەروەها مامۆستایەکی دیکەمان هەبوو بەناوی (عەلی ئازەرگین)، بەداخەوە کۆچی دواییان کردووە، ئەوانە هەموو کاریگەریی زۆریان لەسەر من هەبوو، لەڕووی پێشخستنی ئاستی هونەریم و زانیاری مێژوویی و تیۆریم لەسەر بوارە فراوانەکانی هونەر.

* کەی و چۆن هەستی نەتەوەییت لەگەڵ هونەر تێکەڵ بوو؟، چونکە بە سەرنجدانی تابلۆکانت دەبینین زۆربەی هەرە زۆریان بە چیرۆکی مرۆڤی کوردەوە وابەستەن، کوردی غەمگین، دیمەنی سەرکەوتن و ڕەنگی گەرمی کوردستان، ژن و نەهامەتی و سەرگەردانی مردن و ڕاچڵەکین، بێگومان هونەرمەندێک ئەو کێشە و چیرۆکانەی نەبێت، ئەوە ناتوانێت بە دەربڕینی بەهێز لە فۆرمی تابلۆدا ئەم بابەتانە کۆبکاتەوە؟

- کاتێک زانکۆی تارانم تەواو کرد، ویستم بچمەوە بۆ سەردەشت و سەقز و ئەوانە ببمەوە مامۆستا، بەڵام لە شاری سنە بنکەیەکی هونەری هەبوو، زیاتر حەزم دەکرد بچمە ئەوێ، بەڵام بەداخەوە (ساواک) نەیهێشت بچمە سنە، هەرچی کردم سوودی نەبوو، دواتر بە هەر جۆرێک بوو خۆم گەیاندەوە سەردەشت، لە



سەردەشت بووم بە مامۆستای قوتابخانە، سێ چوار مانگێک بەردەوام بووم، دواتر بڕیارێک هات کە من ناتوانم هیچی دیکە وانە بە منداڵان بڵێمەوە! بەلامەوە زۆر سەیر بوو، دواتر دەرکەوت ئەوانە لە بیروباوەڕی کوردایەتی من دەترسێن، چونکە دەیانزانی من لە تارانەوە دەستم بەکاری سیاسی و کوردایەتی کردبوو، ئەو کاتە من لەگەڵ هاوڕێکانم بووم کە تەمەنیان وەک من بوو، هەمیشە باسی کوردایەتیمان دەکرد و دەمانزانی کورد میللەتێکی سەرکوتکراو و پارچە پارچەکراوە، زۆر کەوتبووینە ژێر کاریگەریی (کۆماری کوردستان)، بە ڕابەرایەتی (قازی محەمەد)، باسمان لە پێشکەوتنی بیری سیاسی نەوەی داهاتوو دەکردەوە و پێوەندیمان بە کەسایەتییە سیاسییەکانەوە هەبوو، بەتایبەتی زۆرتر لەگەڵ (سولەیمانی موعینی) تێکەڵیم هەبوو، دواتر ئەو لە سابڵاغەوە چوو بۆ باشووری کوردستان، چونکە لەگەڵ (مەلا مستەفای بارزانی) و (عەلی تۆفیق) پێوەندی توند و تۆڵی هەبوو، من هەر لە زانکۆی تارانەوە

ئەو پێوەندییانـەم دروسـت کردبـوو، لەبـەر ئـەوەی پێـم وابـوو کـە دەبـێ هونـەر لـە خزمەتـی کۆمەڵگـە و کۆمەڵایەتیـدا بێـت.

بـۆ ئـەم بیرۆکەیەشـم هونەرمەنـدی جیهانـی (فرانسیسـکۆ گۆیـا) زۆر کاریگـەری لەسـەر هونەری مـن هەبـوو، کاتێـک کـە گەڕابوومـەوە سـابلاخ بینیـم (سـولەیمانی موعینـی) و (مـوراد سـیرێژ) و چەنـد تێکۆشـەرێکی دیکـە لـە سـەر شـەقام هەڵواسـرابوون تـا خەڵـک بیانبینێـت و تـرس بخەنـە گیانـی میللەتـی کـوردەوە.

ئـەو دیمەنانـە زۆر کاریـان لەمـن دەکـرد، گوڕوتینـی زۆری کوردایەتییـان پـێ دەبەخشـیم و دەمگـوت ڕۆژێـک دەبێـت ئـەو دیمەنانـە بکـەم بـە تابلـۆ و وەک پەیامێکـی مرۆڤانـە و داکۆکـی لـە مافـی نەتەوەکـەم کـە ئـەو هەمـوو زوڵـم و سـتەمەی لـێ دەکرێـت، پیشـانی هەمـوو دنیـای بدەم، بەڕاسـتیش هـەر وام کرد، ئێسـتاش دەبینی لـە تابلۆکانمـدا چەنـدە دیمەنگەلـی ئـەو خەبـات و تێکۆشـانانە هەیـە، کـە گەلێکـی چەوسـاوەی وەک کـورد لـە پێنـاو بچووکتریـن مافـی خۆیـدا گرتوویەتییـە بـەر، تابلـۆی جینۆسـاید و قڕکـردن و کارەسـاتی ناخـۆش ناخـۆش کـە بەسـەر میللەتەکەمـدا هاتـوون.

جـا ئـەو بیرکردنەوەیـەم بووبـووە هـۆی ئـەوەی کـە نەیاندەهێشـت وەک مامۆسـتا وانـە بـە منداڵان بڵێمـەوە، هـەر لەبـەر ئـەوەش منیـان بـردە بەرێوەبەرایەتـی پـەروەردەی سەردەشـت، گوتیـان بـۆ خـۆت لێـرە دابنیشـە، ئەوانیـش زۆربەیـان سـاواک بـوون.

مـن بـۆ خـۆم حـەزم دەکـرد لـە سەردەشـت وانـە بـە منداڵانـی کـورد بـدەم و فێـری وێنەکێشـانیان بکـەم، بـەڵام ڕێگەیـان پـێ نـەدام، بۆیە ناچـار بووم گەڕامـەوە بـۆ تـاران، لـە تـاران لـە قوتابخانەیـەک وانـەم بـە منـداڵان دەگوتەوە، تا ئەو کاتەی شـۆڕش کـرا، چونکـە بەڕاسـتی دیکتاتۆریەتـی (شـا) بـە ئێمـە هـەزم نەدەکـرا، دوای ئـەوەی (شـا) ڕووخـا، مـن یەکەمیـن پێشـانگەی خـۆم لـە شـاری (تـاران) کـردەوە، لـە سـاڵی (١٩٨٠)، لـە گەلـەری (نەخـش) کـە دەکەوتـە بەشـی باکـووری تـاران، تابلۆکانـی پێشانگەکەشـم زۆرتـر وێنـەی شـەهیدە کـوردەکان بـوون، هەرچـی شـەهید بـوو و مـن دەمناسـین وێنەیانـم کێشـابوونەوە، جـا خەڵکـی زۆریـش هاتبـوون، بەتایبەتـی خەباتـکارە کـوردەکان، بـە تایبەتـی سـادقی شـەرەفکەندی و ئەوانـەی ئەو کاتە لـە تـاران بـوون و بـۆ کردنـەوەی پێشـانگەکەم زۆر یارمەتییـان دام، پێشـانگەکە دەنگدانـەوەی زۆر بـوو و نزیکـەی دوو مانگیـش بـەردەوام بـوو، بـۆ ئـەو کاتـەش تـازە کوودەتـا کرابـوو، خەڵکـی حەزیـان دەکـرد سـەبارەت بـە کـورد شـت بزانـن، بۆیـە پێشـانگەیەکی سـەرنجڕاکیش بـوو، ڕۆژنامەکانـی ئەوکاتـەش بـە پەرۆشـەوە دەهاتـن، زۆربەیـان کردیـان بـە بابەتـی سـەرەکی، وەک ڕۆژنامـەی (کەیهـان، ئیتیلاعـات .. هیتـر) وێنەکانیـان دادەنـا و باسـی هونەرمەندێکـی کوردیـان دەکـرد، لـەدوای ئـەوە لـە مەیدانـی هونـەری کـوردی لـە ڕۆژهـەڵات باشـتر ناسـرام، دوای ئـەوە بـە کەمتـر لـە سـاڵێک دەسـتیان بـە گرتنـی خەڵکانـی نیشـتیمانپەروەر و کـوردە نەتەوەییـەکان کـرد، ئیتـر سـەیرم کـرد دیموکراتـی تـەواو بـووە و جێگـەی منـی تێـدا نەمـاوە، بۆیـە بـە ناچـاری ئەوێـم بەجـێ هێشـت.

* دوای ئـەو هەمـوو هـەوڵ و تێکۆشـانەت بـۆ هونـەر، دواجـار تارانیشـت بەجێهێشـت و ڕۆیشـتیت بـۆ (فەرنسـا)، چـۆن گەیشـتیتە ئـەوێ و وەک هونەرمەندێکـی کـورد لـە پاریـس ڕووبـەڕووی چـی بوویتـەوە، کـە لـە وڵاتێکـی دوورەوە هاتـووە و دەرگەیەکـی دیکـەی جیـاوازی لـێ دەکرێتـەوە کـە

کولتـوور و هونـەر و مێژووشـی جیـاوازە، بەردەبازێکە لـە هونـەری نەریتـی بـۆ پەڕینـەوە بـەرەو هونـەری مۆدێـرن، گەلـەری و مـوزەی زۆر، بیرکردنـەوەی جیـاواز و چەنـدان قوتابخانـەی هونـەری نـوێ کـە بـۆ تـۆ نـوێ بـوون؟ ئەمانـە هەمـووی چـۆن بـوون بەلاتـەوە، چـۆن خـۆت لەگـەڵ کولتـووری نوێـی ژیانـت لـە پاریـس گونجانـد؟

– مـن لـە تـاران لـە ناوەندێکـی هونـەری کارم دەکـرد، بـەڵام کـە زانیمـان لـە نێـو سیسـتمێکی سیاسـی دواکەوتـوو هونـەر هیـچ بەهـای نەمـا، ئێمـە چەنـد هاوڕێیـەک ناچاربوویـن بیـر لـە ڕۆیشـتن بکەینـەوە، بۆیـە بەبـێ ئـەوەی پـرس بـە کـەس بکەیـن، نووسـراوێکی تایبەتیمـان بـە نـاوی ئـەو بنکـە هونەرییـە دروسـت کـرد بـە حسـێب، لـە پاریـس پێشـانگەمان هەیـە و داوای ڤیزامـان لـە سـەفارەتی (فەڕەنسـی) کـرد، ئەوانیـش ڕەزامەندییـان دا، دواتـر منیـش چەنـد تابلۆیەکـم لەگـەڵ خـۆم هێنـا و چـووم بـۆ فرۆکەخانـەی تـاران، لـەوێ هەندێـک کێشـەیان بـۆ دروسـت کـردم، بـەڵام دواکات ڕێگەیـان دام و هاتـم بـۆ فەڕەنسـا.

بیرمـە سـاڵی ١٩٨٣ بـوو گەیشـتمە پاریـس، کەسـم نەدەناسـی، تەنیـا (ڕەسـووڵی قـادری)م دەناسـی بـرای سـادقی شـەرەفکەندی، بەڕاسـتی زۆر یارمەتـی دام، دواتـر لـە (ئەنیسـتیوتی کـورد لـە پاریـس) پێشـانگەیەکی شـێوەکاری بـۆ هەندێـک لـە هونەرمەندانـی کـورد کرایـەوە، هونەرمەنـدەکان لـە باکـوور و باشـوور و ڕۆژهەڵاتـی تێدابـوو، ئـەو کاتەش هـەر د. کەنـداڵ نـەزان سـەرۆکی ئەنیسـتیوتەکە بـوو، لـە پێشـانگەکەدا خاتـوو (دانیـال میتیـران) هـات، ئـەوەش بـوو بـە پەنجەرەیەکـی واڵا بـۆ مـن تـا بتوانـم کۆتـری خەونەکانـم هەڵفڕێنـم، هـەر لـەوێ لەگـەڵ هونەرمەنـد (یەڵمـاز گونـای) ئاشـنایەتیمان پەیداکـرد، چونکـە ئـەو کات ئەویـش ئەندامـی ئەنیسـتیوتەکە بـوو.

لـە پاریـس ڕووبـەڕووی شـتێکی نـوێ بوومـەوە، ئـەو کارانـەی پێشـتر دەمکـردن بـە جۆرێـک دەچوونـە خانـەی (ڕیالیزمـی سۆسیالیسـتی)، چونکـە مـن پێشـتریش کاریگـەری هونەرمەنـد (گۆیـا)م لەسـەر بـوو، هەروەهـا هونەرمەندانـی ڕووسـی و شۆڕشـی ١٩١٤–١٩١٨ زۆر خزابوونـە نـاو کارەکانـم و بیرکردنەوەشـم لەوانـەوە نزیـک بـوو، وەک (ڕێپیـن) کاریگەریـی زۆری لەسـەرم هەبـوو، سـەیرم کـرد لـە دنیـای هونـەری پاریـس و ئـەو تەوژمـە نوێیانـەی هونـەر لێرە جێگەیـان نابێتەوە و وەک شـتێکی کـۆن مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـرا.

پاریـس شـاری هونـەری مۆدێـرن بـوو، هونـەری کۆنسـێپت ئـارت، ئەنیستەلاسـیۆن، پـۆپ ئـارت، تەنانـەت پۆسـتمۆدێرنیزم ئـارت، ئەوانـە هونـەری ڕۆژبـوون، هونـەری هاوچـەرخ، ئەبسـتراکت شـوێنی خـۆی زۆر گرتبـوو، ئـەم بەراوردکارییـە ماوەیـەک بـۆ مـن قـورس بـوو کـە بتوانـم ڕچەشـکێنی بکـەم و خـۆم لـە بیرکردنـەوەی کۆنینـەم دەربـاز بکـەم.

لـە ڕووبەڕووبوونەوەکەمـدا سـەیرم کـرد هەندێـک لـە تەوژمـە نوێیەکانیـش بەسـەر چووبـوون کـە ئێمـە پێمـان وابـوو زۆر نوێـن، وەک کۆبیـزم، فۆڤیـزم، تەنانـەت ئەبسـتراکت، چونکـە لە ساڵانی کۆتاییـم لـە تـاران مـن زۆر خـووم دابـووە کۆبیـزم، زۆرتـر هەندێـک کاریگـەری (سـیزان)م لەسـەربوو، ئەوجـا لـە شـێوەکانی نـاو تابلۆکانـم کاریگەریـی (پیکاسـۆ و بـراک)م لەسـەر بـوو، بـەڵام بەهـۆی ئـەوەی مـن کـورد بـووم و پێـم وابـوو دەبـێ هونـەر وەڵامـی خەبـات بداتـەوە، بۆیـە (ڕیالیزمـی سۆسـیالیزم) کارم دەکـرد، بـە تێکەڵەیەکـی کەمـی کۆبیـزم لـە شـێوە و فیگەرەکانمـدا، بـەڵام لـە پاریـس ئەوانـە هەمـووی سـڕابوونەوە.

لە پاریس یەکەم جار چووم بۆ زانکۆیەک لە ئایسی هەشت، لەوێ مێتریسێکم وەرگرت، واتە دیپلۆمی باڵا، هەر بەو کارانەی کە من دەمکردن (ڕیالیزمی سۆسیالیستی)، دواتر بڕوانامەیەکی زۆر باشیان پێدام، نمرەکانم زۆر باش بوون بۆیە زانکۆی (سۆربۆن) وەری گرتم، کە چووم بۆ سۆربۆن ( لەوێ زانیم کە هیچ نازانم!!)، چونکە دوای ماوەیەک کە لەوێم خوێند و لە مێژووی هونەری نوێ و ئەو پرنسیپ و بنەمایانەی هونەر کە لە دنیادا گوزەر دەکەن بە ئاگا هاتمەوە، لەوێ زانیم کە ئەو شتانەی من دەیانزانم، وامدەزانی زۆر دەزانم، دەرکەوت زانیارییەکانم زۆر زۆر کۆنن و جێگەیەکیان لە پانتایی هونەردا نەماوە، جا وەرە لەسەرەوە دەست پێ بکەوە!.

مێژووی هونەر چییە؟ چی لە سەردەمەکان گوزەراوە؟ کاریگەرییەکانی سەردەمی ڕێنیسانس لەسەر هونەری نوێ چییە؟ ئازادی لە هونەردا چییە؟ ئیمپرێشینیزم چییە؟ لە دوای ئیمپرێشینیزم بەرەو هونەری مۆدێرن، لە (دێلاکروا)وە دەستمان پێکردەوە، ئیدی (سەمبۆلیزم) و هونەری (مانێ)، ئەوانە هەموویان سەرلەنوێ هاتنەوە ناو مێشکم و دنیای بیرکردنەوەی منیان لەسەر هونەر بەتەواوەتی گۆڕی.

زانکۆی سۆربۆن زۆر هاوکارم بوو لە پێشکەوتنی بیری من، بەتایبەت مامۆستا ئاست بەرزەکانی، لە نێویاندا مامۆستایەکی نایاب بە ناوی (پاسفۆن) هەبوو، شێوەکار بوو، شەش حەوت دوکتۆرای هەبوو، دوکتۆرای لە فەلسەفە، لە ئیستێتیک، مێژوو، کۆمەڵناسی، سیمۆلۆژی هەبوو، ئەوانەی هەموو تەواوکردبوو، ئەو کاتە دوکتۆرای (ئێتا) هەبوو، ماوەکەی (حەوت ساڵ) بوو، لەوێ بیرم دەکردەوە کە من چی بکەم بۆ ئەوەی کارەکەم لەگەڵ هونەری سەردەم یەک بگرێتەوە، بە ڕێکەوت ڕۆژێک چووم بۆ پێشانگەی (گۆستاڤ کلیمت) لە مۆزەی (پەمپی دوو)، ئەوکات (کلیمت) خۆی نەمابوو، وەلێ شاکارەکانیان لە ڤییەنناوە هێنابوو لە پاریس نمایشیان بۆ دەکردن، خەڵکێکی زۆر نۆرەیان گرتبوو تا بۆ سەیرکردنی کارەکانی بتوانن بچنە ژوورەوە، بێگومان تۆ دەزانی (گۆستاڤ کلیمت) چەندە ناوبانگی گەورەی هەیە، من یەکەم جاربوو تابلۆکانیم بینی، زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە کارەکانی هەم مۆدێرنە و هەم فیگۆریشی تێدایە، ئەوە منی لەو ترسەی بۆ شێوەی گشتی فۆرمی مۆدێرن هەمبوو ڕزگارکرد، چونکە وامدەزانی فیگۆر باوی نەماوە، بەڵام کارەکانی (گۆستاڤ کلیمت) ئەو ڕێگەیەی بۆ کردمەوە، بەبینینی کارەکانی شۆک بووبووم، و زۆر کاریان تێ کردم، جا هەستام تابلۆیەکی کلیمتم هێنا گۆڕیم بۆ سێ فۆرمی نوێ، سێ تابلۆی نوێ، فۆرمی هاوشێوەی کلیمت، بەڵام ناوەڕۆک و بیرکردنەوە و ئایدیای نوێم بەکارهێنا، خوڵقاندنی خۆمی تێدابوو، ئەوەم بۆ (سۆربۆن) کرد، تێیدا زۆر سەرکەوتوو بووم.

ئەوکاتە چوار شت بۆ من زۆر گرنگ بوون، کە دەبوو وەڵامم دەست بکەوێ، یەکەم ئەوە بوو کە من دەبێ چی بکەم؟ دووەم دەبوا بزانم لەپێش من چی گوزەراوە؟ سێیەم دەبێ بزانم من چەند لەو کەسەوە نزیکم، واتە کلیمت و بەراوردەکانی نێوان من و ئەو چین، چوارەم کە زۆر گرنگە ئایا جیاوازی کارکردنی من و ئەو چییە؟ کە بێگومان دەبێت جیاواز بم، ئایا من چ داهێنانێکی نوێم کردووە، ئەم چوار خاڵە بناغەی چوونە پێشەوەی من بوون لە زانکۆی

سۆربۆن.

* بەریەککەوتنت لەگەڵ هونەری ئەورووپی بەگشتی چۆن بوو؟ هونەرمەندەکانیان؟ تێڕوانینەکانیان؟ هونەر و کۆمەڵگە و کولتوور و ژیانیان چۆن هاتە ناو کارەکانی تۆوە؟

- من هەر لە سەرەتاوە کە ناوی (ڤیژوەل دیزاین)م بیست پێم سەیر بوو، یان دەیانگوت کاری (پلاستیک) بکەن، سەرنج بدە ئێمە بە هەموو کارێکی هونەری دەڵێین (هونەری شێوەکاری) واتە پلاستیک ئارت، بەڵام ئەوڕۆ قۆناغێکی دیکەیەو شێوەسازی لە هەموو هونەرێکدا نییە، بۆیە من لەسەر چەمکی (شێوەکاری) گومانم بۆ دروست دەبێ و هەست دەکەم پڕ بەبەری هونەرەکە نییە، جا دوای ئەوەی من کاریگەرییەکانی ڕیالیزم و کۆبیزم و هونەری نوێم جێ هێشتبوو، ئەم چەمکە هەندێک نەنگی تێدا دەبینم، هەست دەکەم بۆ ئەو هونەرانە نابن.

بۆ نموونە هونەرمەند (مارسیل دۆشامپ) و کارە بەناوبانگەکەی کە تەنیا (کونج)ی ئاودەستخانەی بەسەراوژێری داناوە و لەسەری نووسی (ئێغمووت)، واتە حەرامزادە، شێوەکە ئاشنا - مەئلووفە، بەڵام ئەو بەهۆی ئایدیاوە دەیکاتە نائاشنایە- نامەئلووف، ئەمە هونەرە و ناتوانین پێی بڵێین (شێوەکاری).

ئەوەی کێشەی منە ئێستا ئایدیایە، هیچی دی شێوە نییە، وەک هونەری (کۆنسێپت) کە لە ساڵی ١٩٦٢ــەوە دەستی پێکردووە، (هێنری فینس) یەکەم کەس بوو کە نووسی (کۆنسێپت ئارت) چەمکەکە ڕۆیشت، بەڵام دوای دوو سێ ساڵ کەسێکی دیکە هات نووسی (ئارت کۆنسێپت وێل) جۆرێکی بیرکردنەوەی دیکە بوو، وشەکەی گۆڕی، لە ساڵی ١٩٦٤ لە ئەمریکا پێشانگەیەکیان دانا، شەش هونەرمەند بوون، بەبێ ئەوەی تابلۆ، یان هیچ شتێک دابنێن، هیچ تابلۆ بە دیوارەوە نەبوو، ئایدیا بۆ بەتاڵی هاتە پێشەوە، سەیرکە لێرەوەیە کە ئەمڕۆ (کاتالان) مۆزێک بە دیوارێکەوە چەسپ دەکات، ئایا ئەوە هونەرە، یان هونەر نییە؟ ئایا هونەر هەر ئەوەیە وێنە بکێشی و پەیکەر سازبکەیت و بەرهەم نمایش بکەیت، بێگومان نەخێر، هونەر ئێستا تەنیا (ئایدیا)یە، تۆ دەتوانی بیرۆکەیەک (فیکرێک) لە مێشکتدا بێت، تەنیا لە مێشکتدا بێت و هیچی تر، هیچ ماتریالیش بەکار نەهێنیت، هیچ کەسیش بە چاو نایبینێت، تەنیا ئایدیایەکە و هیچی تر، ئایا ئەمە هونەرە؟.

ئایدیا زۆر گرنگە، من بە تەنیا دوژمنایەتی ئایدیا ناکەم، چونکە دەتوانێت هونەر بەڕێوە ببات، بە واتایەکی دیکە ئەمڕۆ ئایدیا هونەر بەڕێوە دەبات، بۆ نموونە هونەرمەند (کاتالان) هەر ئەوەی مۆزەکەی چەسپ کردبوو، تەوالێتێکی لە ئاڵتوون دروست کرد، ناوی لێنا بوو (ئەمریکا)، زۆر نایابە، لە کارەکەدا ڤیزوەڵیکیش دەبینی، ئایدیا سەنگی پێداوە، بۆیە دەڵێم لە کۆنسێپت ویلدا ڕەنگە تۆ هیچ نەبینی، تەنیا ئایدیاکەیە کە نرخ بۆ هونەرەکە دادەنێت.

من هونەرمەندێکم دێم ئایدیا و شێوە تێکەڵ دەکەم، فیگۆرم هەیە لە ناو تابلۆکانم، بەڵام سەیر دەکەی فیگۆرەکانم مۆدێرنن، فیگۆرەکانم دەموچاو و دیتایان نییە، وردەکاری لەسەر دانانێم، بەڵام ئایدیاکەی گرنگە، ئایدیا ڕێڕەوی بیرکردنەوە و بینینمان بۆ دیاری دەکات.

من کە کاری هونەری دەکەم، دەمەوێت قسەی پێ بکەم، دەتوانم بڵێم شتیکە بۆ قسەکردن و

پەیام دەرخستن.

* من وای دەبینم تا ئێستاش ئایدیا و شێوەی کوردی لە تابلۆکانتدا هەر ماوە، لە کاتێکدا بیرکردنەوەت زۆرتر مۆدێرنە و ئەو جۆرە شێوانەی تێپەڕاندووە، ئایا ئەو شێوە فۆرمەی تۆ بەکاری دەهێنیت کە پڕە لە گوزارشتی گەرمی کوردایەتی، تا چەند لە پانتایی هونەری ئەورووپی جێگەی دەبێتەوە، لە کاتێکدا تۆ دەتەوێت لە ڕێگەی تابلۆکانتەوە پەیامی سیاسیش بگەیەنیت؟

- فەیلەسووفێک هەیە دەڵێ: هەرچەندە تەوژمی خێرای هونەر تیپەڕێت و بەهاکانی گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، بەڵام لە کۆتاییدا هونەر ناتوانێت دوور لە کۆمەڵگە بێت، ڕاستە هونەر ناتوانێت هەمووی سیاسەت بێت، بەڵام ناتوانێت لە سیاسەتیش دوور بێت، چونکە ئێمەی کورد لەنێو سیاسەتداین، ناتوانین هونەرەکەمان لە بیری سیاسی ئازادیخوازانەی کۆمەڵگە و نەتەوەکەمان دابماڵین، بۆیە هونەر ناتوانێ جیا ببێتەوە، لەوانەیە ئەو جووڵانەوە نوێیانەی هونەر کە زۆر مۆدێرنن، بۆ ئەوە بیت پێش لە فرۆشتنی توحفەی هونەری بگرن، کە بە ملیۆنان دۆلار دەفرۆشرێت، بەڵام کاتێک دەبینین مۆزێک بە شەش ملیۆن دۆلار دەفرۆشرێت، کەواتە هەر وەک خۆی لێ دێتەوە.

* وابزانم هەر بەهۆی ئەو بیروڕایانەشن گومانت بۆ دروست بووە کە بەو هونەرە بڵێین شێوەکاری؟ چونکە کاتێک دەبینین میتاوێنە، یان میتا شێوەش هەر هونەرە، بۆیە ناتوانین ناوێکی لەو جۆرەی بەسەردا ببڕین.

- بەڵی، ئەو شتانە کوێی شێوەکارییە، یان سەرنج بدە پۆست مۆدێرنیزم، کە توالێتێکی تەلای دروست کردووە ناوە ناوە ئەمریکا کوێی شێوەکارییە، ڕاستە ئایدیاکەی جوانە، وەلێ کاتێک سەیری ئەمریکا دەکەی زەرد و بریقەدار و پڕ ڕووناکییە، چرای زۆر و ڕووناکی زۆر وەک زێڕ دەدرەوشێتەوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا وەک تەوالێت وایە، ئایدیاکە سیاسییە.

ئەمە پێی دەوترێت کۆنسێپت وێل و ناچێتە ناو خانەی شێوەکارییەوە، بۆ نموونە چەمکێکی دیکە بۆ دامەزراندنی کاری هونەری هەیە پێی دەوترێت (ئەنیستەلاسیۆن)، کە چەمکێکی زۆر جوانە و پڕ بە پێستی کارەکەیە، هونەرێکە دامەزراندنی خۆی هەیە و مردنیشی هەیە، کاتێک کارەکە تەواو دەبێت هەڵدەگیرێت، واتە (ئەنیستەلاسیۆنە).

هونەرمەندێک هەیە تۆ باش دەیناسیت ناوی (کریستۆ)یە، هات لە شەقامی (شانزەلیزێ) تاوەری سەرکەوتنی پاریسی هەموو بە قوماش داپۆشی، لە سەرەتاوە تا دوایی ئەو فیگەرە زەبەللاحەی بە قوماش پێچایەوە، دواتر چەند مانگێک وابوو، دواتر شێوە سەرەتاییەکە هاتەوە و کارەکەی کریستۆ تەواو بوو، ئەوە ئەنیستەلاسیۆنە، لە دایک بوون و مردنی خۆی دەبینێ، بەڵام سەرنج بدە تابلۆ وەها نییە، لە سەردەمی یۆنانەوە دروست کراوە، هێشتا ماوەتەوە، یان پەیکەرێک لە بەرد، لە مەڕمەڕ دروست دەکرێت چەندان سەدە دەمێنێتەوە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم وشەی شێوەکاری وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە ناداتەوە کە پێی دەوترێت هونەر.

* تۆ لە پاریس لە (مۆنتمارتەر) وێنەت کێشاوە، ئەو گۆڕەپانەی وێنەکێشەکان وێنەی پۆرترێتی خەڵک، یان دیمەنی پاریس و شتی دیکەش دەکێشنەوە؟

- بەڵی سەردەمێک لەوێش کارم کردووە،

بەڵام کارکردن لەوێ تەنیا بۆ پەیداکردنی پارەیە، بۆ ئەوەی بژێوی دابین بکەیت و کرێی خانووەکەت بدەی، من ئەوەم زۆر پێ هونەر نییە، هونەر دەبێ کێشەی هەبێ، هونەرمەند دەبێ کێشەی هەبێ، کاری من بۆ ئەوە نییە کە دیکۆراسیۆنی پێ دروست بکەین، تابلۆی من کێشەی تێدایە، کێشەی مرۆڤ، کێشەی سیاسی، پرسیارگەلێک کە لە نێو چیرۆکی تابلۆکاندا دەبێ بۆ وەڵامەکانی بگەڕێین، من دەمەوێ بە هونەرەکەم دنیا بگۆڕم.

نووسەرێکی ئەمریکای لاتین قسەیەکی زۆر جوانی هەیە، کەرەستەی من وشەیە، کە ئێستا حەوت ملیار و نیو خەڵک قسەی پێ دەکات، شەڕی پێ دەکات، جنێوی پێ دەدات، خۆشەویستی پێ دەردەبڕێت، خۆی پێ دەفرۆشێت، بازرگانی پێوە دەکات، هەموو شتێک بە وشە دەکەن، بەڵام کەرەستەی وێنەکێش، یان هونەرمەند (ڕەنگە)، ڕەنگ شکۆمەندە، ڕەنگ جنێوی پێ نادرێت، هونەرمەند بە ڕەنگ قسە دەکات، بە فۆرم قسە دەکات، ئایدیات هەیە، بەڵام شەڕ دروست ناکەیت، قسەی ناخۆش ناکەیت، بۆیە جیاوازییەکەی ئێمە لەوەدایە کە بە (فۆرم و شێوە و ڕەنگ) قسە دەکەین.

ئێمە کاتێک باسی کۆنسێپت دەکەین دەبینین کە شتێک نییە (مارسیل دۆشامپ) هێنابێتی، تۆ دەزانی لیۆناردۆ داڤینشی یەکەم کەسە باسی کۆنسێپت ئارتی کردووە، چونکە دەڵێت (هونەر تێکۆشانێکی هزرییە)، هەر ئەوە کە ئێستا باوی هەیە، ئەو ٦٠٠ ساڵ پێشی ئێستا وای گوتووە.

* ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە من بیستم کە یەکێک لە تابلۆکانت بە شێوەیەکی فەرمی دەچێتە مووزەیەکی حکوومی لە وڵاتی فەڕەنسا، ئەمە چۆنە و کامە تابلۆیە و لەسەر چ بنەما و پێوەرێک تابلۆکەیان لێت وەرگرتووە؟

- تابلۆیەکم هەیە بەناوی (ژینای کورد)، ئەم تابلۆیەم گوزارشتێکە بۆ ژینا ئەمینی کە بەڕاستی ستەمیان لێ کرد و لەسەر هیچ گیانی ئەو کچە گەنجەیان سەندەوە، ئەو بابەتە منی ڕاچڵەکاند، چونکە کێشەکە تەنیا لە کوشتنی مرۆڤێکدا تەواو نابێت، بەڵکوو سووکایەتیکردن بوو بەتەواوی نەتەوەی کورد، ژینا کچی هەموو کوردێکە، من بۆ خۆم وا هەست دەکەم ژینا کچی منە و ستەمیان لێ کردووە، ئەو بابەتە کاریگەریی زۆری لەسەر من هەبوو، بۆیە تابلۆیەکم بۆ ئەو بۆنەیە بۆ دروست کرد، کە لە تابلۆکەدا ژینا سەربەرزانە و چاونەترسانە وەک سوارچاکێک بەسەرپشتی ئەسپێکەوەیە و ئاڵایەکی بەرزکردووەتەوە کە ڕەمزی مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی و ژنە.

هەستم کرد ئێمەی کورد کەسمان نییە، بۆیە پێشانگەیەکمان سازکرد و ئەو تابلۆیەم لەوێ دانا، ڕاستییەکەی پێشانگەکە لەدوای شەش مانگ دوای ڕووداوەکەوە بوو، بەڵام زۆر کاری کردە سەر ئەورووپاییەکان، زۆر لە بینەرەکان دەهاتن زۆر پێیان سەیر بوو کە کچێک لەسەر ئەوەی قژی بەدەرەوەیە کوژراوە، بابەتەکە زۆر کاری کردە سەر ڕێکخراوە فێمینیستییەکان و ئەوانەی بەدواداچوون بۆ پرسی ئازادی ژنان دەکەن، ئەوە چیرۆکی تابلۆکە بوو.

دوایی ڕۆژێک ئیمەیلێکم بۆ هات، تێیدا نووسرابوو کە (ئێمە ئەو تابلۆیەمان زۆر بەدڵە، پێمانخۆشە لە شاری ئانژێ کە لە ناوەڕاستی فەڕەنسایە، مووزەیەکی تایبەت بە بەرهەمی فێمینیزم دەکرێتەوە، دەمانەوێ ئەو تابلۆیەش لەوێ پێشان بدەین)، ئیدی (ئەکیزیسیۆنیان)

کرد، ئەکیزیسیۆن، واتە دەوڵەت تابلۆیەک لە هونەرمەندێک دەکڕێتەوە و بودجەی تایبەتی حکوومەتی بۆ دابین دەکرێت.

ڕاستییەکەی من یەکەم جار وامزانی فرۆفێڵ و شتی وایە کە داوای ژمارە بانکی و ئەو شتانەیان لێ دەکردم، بۆیە درەنگ وەڵامم دانەوە، دواتر دەرکەوت کە ئەوە ڕاستە و تابلۆکەم زۆر بە دڵی کۆمیسیۆری مووزەکە بووە و دەیانەوێ داییبنێن و لێم بکڕنەوە، دوای ئەوە کۆنتاکتمان کرد و کارەکە تەواو بوو، ئیدی داوای ئەندازەکەیان کرد و بۆکسی تایبەت بە هەڵگرتنی تابلۆ و گواستنەوەی تایبەتیان بۆ دروست کرد، داوایان کرد کە من ڕای خۆم بدەم کە ئایا بە چی بیبەین، بە شەمەندەفەر، یان بە ئۆتۆمۆبیل؟ ئەوانەیان هەموو لەمن پرسی، چونکە کارەکە گواستنەوە و دانان و نمایشکردنیشی ڕێوشوێنی ئەکادیمی خۆی هەیە کە پیادەی دەکەن، هەر ئەوە نییە تابلۆکە هەڵگرن و بیبەن، چونکە نرخ و بایەخی کاری هونەری زۆر بەلایانەوە بەرزە.

تابلۆکە لە مووزەکەدا بە ناوی (ژینا .. ژن، ژیان، ئازادی) دادەنرێت، ئەوەش بۆ من جێگەی شانازییە و بۆ تەواوی نەتەوەی کوردیش مایەی سەربەرزییە تابلۆیەک گوزارشت لە بابەتیک، یان ڕووداوێک دەکات کە بە کوردەوە گرێ دراوە، دەرفەتە، ئەوروپایی و فەڕەنسییەکان زۆرتر ئاگاداری دۆزی کورد دەبن و هەموو ئەو ستەم و نادادییەی بەرانبەرمان دەکرێت، یادداشتی دەکەن و کاریگەریی لەسەریان دەبێت.

* لە کۆتاییدا دەمەوێت بیروڕای تایبەتی خۆت بزانم لەسەر هونەری پۆستمۆدێرن، کە لە ئەوروپا زۆر لە برەودایە و بەتەواوی پانتایی هونەری داگیرکردووە، ئایا خۆت لایەنگری ئەو هونەرەی، یان بیروبۆچوونی جیاوازت هەیە؟

- ڕاستییەکەی وەک لە پێشدا باسم کرد، پۆستمۆدێرن ئارت، یان ڤیژوەل ئارت زۆرتر بە ئایدیاوە پەیوەستە، ئایدیا بناغەی فۆرمی هونەرییە، مەرج نییە کەسەکە وێنەکێش بێت، گرنگە ئایدیایەکی هەبێت، من لایەنگیری ئەوە دەکەم کە دەبێت هونەر خاوەنی ئایدیا بیت، بەڵام بەبێ فۆرم کارێکی قورسە، زۆر کەس تێی ناگات، من نموونەی هونەرمەندێک دەهێنمەوە کە ڕەنگە ئەو جۆرە کارانە بۆ میللەتانی خۆرهەڵاتی شتێکی نامۆیە، هونەرمەندەکە ناوی (مانزۆنی)یە، ئەو هونەرمەندە دێت، پیسایی خۆی لەقوتوودەکات و وەک کارگە دەیئاخنێت و سەری دادەخات، ئەوە کاریکی تاڕادەیەک قێزەونیشە، بەڵام ڕاستییەکەی کە لە ئایدیاکەی ورد دەبینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بیرکردنەوەیەکی زۆر گرنگی هەیە، چونکە بەوە قسە دەکات، دەڵێت مرۆڤایەتی بەرهەمی نەماوە، ئیستا سەردەمی هیچ گەراییە و مرۆڤ تەنیا بەرهەمی پیسایی هەیە، واتە کۆمەڵگەکان تەنیا دەژین بۆ ئەوەی بخۆن و بنوون و پیسایی بەرهەم بهێنن، ئەم ئایدیایە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بۆیە وەک بیرۆکە من قبووڵمە، بەڵام جیاوازی من ئەوەیە کە دەمەوێت لەپاڵ ئایدیا فۆرمیشم هەبیت، واتە ڕووکەش و ناوەرۆک، جەوهەر و فۆرم بەیەکەوە بن، چونکە پێم وایە دەبێت هونەر لە کۆمەڵگە نزیکتر بێت.